www.kurdistannet.org
28-4-2006 12:30 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کتێبەکەی مەریوان هەڵەبجەیی و قسەیەکیش لەسەر حزبە ئیسلامییەکان ... کامیل مەحمود



سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە تا سەر ئێسقان لەگەڵ ئازادی رادەربرین و سەربەستی قسەکردنم لەسەر هەموو بابەت و دۆزە ئاینییەکان و لە بەرامبەر بیروڕای ئازاد و قسە لەسەرکردندا هیچ شتێك بە پیرۆز نازانم و هەموو شتێك قابیلی گفتوگۆو خوێندنەوەیە، بەڵام لە بەرامبەر بی ڕێزی و سوکایەتی پی کردندا هەموو شتێك بە پیرۆز دەزانم لە سەتڵی خۆڵ و زبڵەکەی بەر دەرگاکەمەوە تا دەگاتە بیروباوەڕ و تایبەتمەندییەکانی کەسیەتی خۆم، وایش دەبینم کە خودی ئیسلام ئەو دەروازەیەی کردووەتەوە بۆ بەرامبەرەکانی قسەی خۆیان بکەن و هەروەها باوەڕدارانیش لەسەر بنەمای تێرامان و بیرکردنەوەی زانستی پایەی باوەڕەکەیان دابمەزرێنن، گفتوگۆ و قسەکردنیشی حەرام نەکردووە لەسەر سادەترین بنەمای خۆی تا دەگاتە عەقیدە و باوەڕە بنەڕەتییەکەی، تەنانەت قسە و رادەربرینی ئازادانەش لەسەر بوونی پەروەردگاریش کە دەرەنجامەکەی لەمێژووی ئیسلامدا ئەو زانستە ئاینییەی لی کەوتووەتەوە کە پێی دەوترێت زانستی کەلام، واتە زانستی قسە و گفتوگۆ و راگۆڕینەوە لەسەر بوونی خوا و تیایدا جۆرەها بیرورا خراوەتە روو کە هەندێکیان لەدەرەوەی بیروباوەڕی دروستی ئیسلام و ئەهلی سوننەت و جەماعەتیشەوە راگەیەنراوە، ئەمەش نەك هەر سەرکوت نەکراوە بەڵکو لە ناو کتێبەکانی زانستی کەلام و بیروباوەڕدا تۆمار کراون و قسەیان لەسەر کراوە.

ئەو ئازادی بیروباوەڕە فاکتەری گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی ئیسلام بووە و لە هەر قۆناغێکدا ئەو بارودۆخە نەرەخسابێت، ئیسلام و موسڵمانان پێش لە نەیارەکانیان زیانیان لی کەوتووە، خەڵکانی دەرەوەی بازنەی ئیسلام لە کەش و هەوایەکی ئازاددا قسەکانیان بکەن و گومان و بیروراکانیان بخەنە روو باشترە لەوەی لە دڵ و دەروونیاندا خەفە بکرێت و بە بۆچوون و هەڵوێستی نێگەتیڤانەی خۆیانەوە بەرامبەر بە ئیسلام بمێننەوە، چونکە لە گوزارشتکردنی ئەواندا بارودۆخی گفتوگۆ دەرەخسێت و راستییەکانی ئیسلامیش لەو نێوەندەدا باشتر مەودای بەیان کردنی دەرەخسێت.

ئەم پرۆسەی دیالۆك و رادەربرینە ئازادە پێش ئەوەی دیاردەیەکی مۆدێرن و هاوچەرخ بێت، خواستی ئیسلام بووە و مێژووی شارستانیەتی چەند سەد ساڵەی ئەو ئایینە پڕە لە بزووتنەوەی فیکری و ئایینی جۆراو جۆر و کۆڕەکانی قسەکردن لەسەر مەسەلە ئایینیە هەستیارەکان کە هەمیشە گەرم و پڕ لە بیرەرای جیاواز بوون، ئەمەش سەرەرای ئەو سەرکەشییە سیاسیانەی هەندی لە قۆناغەکانی تەمەنی بە خۆیەوەی دیوە و هەوڵ دراوە ئەو ئازادییە پێشێل بکرێت.

بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە کاتێك باس لە ئازادی بیر و را و ئازادی رادەربرین دەکەین، مەبەست رەخساندنی کەش و هەوایەکی ئارام و سەقامگیر و دوور لە هەر فشار و بەربەستێکە بۆ ئەوانەی بیرو باوەر و بۆچوونێکی تایبەتی خۆیان هەیە کە بە ئازادی بتوانن گوزارشتی لی بکەن. واتە هەموو ئازادییەکە لە پێناوی بۆچوون و بیروراکانە کە لە نێوان یەکتردا دیالۆك و گفتوگۆ ساز بدەن و دەرەنجامەکەی گەشەی بیر و داهێنانی ژیاریانەی لی دەکەوێتەوە. بەو مەرجەی زمانی گفتوگۆو راگۆڕینەوەکان زمانێکی دوور لە بریندار کردنی هەستی یەکتر و پەلاماردانی تایبەتمەندی وپیرۆزییەکانیان بێت، پیرۆزییەکانیش بەو واتایە نا کە قسەیان لەسەر نەکرێت و نەکرێنە بابەتی قسە وگفتوگۆکان. بەڵکو هەموو دەربرینەکان چواچێوەیەکی ئەخلاقی و یاسایی وەها وەر بگرن کە شایستەی ئەو ئازادییە بێت بۆیان دابین دەکرێت و پێشێلکاری ئازادی کەسانی تری لی نەکەوێتەوە.

ئەوەی ئەمرۆ بووەتە قسەو باسی خەڵك و ناوەندە سیاسی و روناكبیرییەكانیش مەسەلەی قسەكردنە لەسەر ئایین و رەخنەگرتنە لە بنەما و یاسا ئیسلامییەكان و مێژووی ئیسلام و لەوێشەوە بەرەو ئیسلامی سیاسی، هەموو ئەمانەش قسەكردن تیایاندا حەرام كراو نییە و هەموو كەس ئازادە لە دەربرینی بیروڕای خۆی و خستنە رووی تێگەیشتنی تایبەتی بۆ ئەوانە، بەڵام بۆ قسە و رادەربرین لەسەر ئەو مەسەلە ئایینیانە و هەرشتێكی تریش پێویستە:

1- هەموو كەسێك پێش ئەوەی دەست بداتە راڤەی هەر كایە و چەمكێكی مەعریفی و بچێتە ناو هەر باس و بابەتێكی وەك مەسەلە ئایینیە هەستیارەكان، خۆی بناسێت و ئاستی زانیاری و شارەزایی خۆی بزانێت دەربارەی ئەو شتانەی قسەیان لەسەر دەكات، رەوا نییە كەسێك ئەلف و بێیەكی عەرەبی نەزانێت و دەقێكی ئایینی بە دروستی بۆ نەخوێنرێتەوە، بێت خۆی بكات بە (موفەسیر) ی قورئان و راڤەكاری فەرموودە و بە ئارەزووی خۆی مانا و مەبەست بەو دەقانە بدات، هەر وەك چۆن بۆ كەسێكی بی ئاگا لە سۆشیالیزم و ماكسیزم و سیكۆلاریزم و هەر باس و بابەتێكی تر رەوا نییە قسە لەسەر ئەوانە بكات و بە پێی مەرام و میزاجی خۆی مانا و مەبەستی پی بدات و لێكدانەوەی بۆ بكات بی ئەوەی لەو راڤەكارییەدا بگەرێتەوە بۆ بنەما و سەرچاوەكانی و پاشان دەست بداتە خوێندنەوەی رەخنەگرانە و توێژینەوەی خۆی.

2- پێویستە پاڵنەری مەعریفی و گەران بەدوای حەقیقەتی بابەتیانەی شتەكان جوڵێنەر بێت و گری دەروونییەكان فاكتەری رەخنە و خوێندنەوەكان نەبێت كە هەر ئەمەشە دەربازمان دەكات لەو دەمارگیرییەی كە دەكری ئەویش خاڵی سێیەم بێت.

3- دەمارگیری و پێداگری لەسەر بیرورا و بۆچوونێكی تایبەت پرسیار و گومان لەسەر خاوەنەكەی دروست دەكات، بە تایبەتی لەو كاتانەدا كە ئەو بیروڕایانە بە بەڵگەو لۆژیكی ئاشكرا هەڵە و نادروستییان دەردەكەون، بەڵام خاوەنەكەی لە بەر مەرام و بەرژەوەندی و ئەنانیەت دەستبەرداری نابێت و پێداگری لەسەر دەكات.

4- لە هەر دەستدانە بەدواداچوون و لێكۆڵینەوەیەك بریاری پێشوەخت حزووری نەبێت و كار لەسەر دەرەنجامە بابەتییەكان بكرێت با بەدڵی خۆیشمان نەبێت.

5- شێوازی دەربرینی بیرورا و بۆچوون و تێگەیشتنەكان بە زمانێكی قبوڵكراوی وا بێت كە خاوەن بیرورا جیاوازەكانی تر سوكایەتی و بەكەم زانین و رەتكردنەوەی خۆیانی تیادا نەبیننەوە و ئامانج تیایدا وروژاندن و تورە كردنی ئەوانی تر نەبێت،

لێرەوە دەتوانین بڵێین كە بەداخەوە لە ناوەندی رووناكبیری كوردیدا ئەو دیاردەیە بە ئاشكرا بەرچاو دەكەوێت كە زمانی (ناڵێم زۆربەی) بەڵكو هەندی لە رەخنەو نووسینە رەخنەئامێزەكان ئاراستەیەكی پێچەوانەی ئەو خاڵانەی سەرەوەیان وەرگرتووە و روویەكی ناشیرینی بە گوتاری روناكبیری كوردی داوە، كە ئەو هێندەش یان ئەوەیە ئەزموونی نووسین و توێژینەوەی زانستی و بابەتیانەیان نییە و شەلم كوێرم بەر دەبنە ئەو بابەتانەی قسەیان لەسەر دەكەن، یاخود ئامانجیان تەنها وروژاندن و تورەكردنی خەڵكە و مەرامی خۆناساندن و خۆدەرخستنی لە پشتەوەیە، نەك مەرامێكی روناكبیری و مەعریفی.

لەم رۆژانەدا مەسەلەی سوكایەتی كردن بە پیرۆزییە ئایینیەكان و قسەكردن لەسەر دۆزە ئایینییە هەستیارەكان بە زمانێكی ناشایستە بەو بایەخەی شەقامی كوردی بەو پیرۆزیانەی دەدەن بووەتە دیاردەیەك و ناوبەناو نیگەرانی و قەیران لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان دەنێتەوە و خەڵك و ناوەندە ئایینیەكان بێزار دەكات، كە دواترین و توندوتیژترینیان كتێبەكەی مەریوان هەڵەبجەیی بوو بەناوی (ژن و سێكس و شەرع لە مێژووی ئیسلامدا) كە سەر لەبەری كتێبەكە نەك بە قسەی بابایەكی ئیسلامی، بەڵكو زۆرینەی نووسەر و رۆشنبیرانی عەلمانیش بە زمانێكی زبری وەها نووسراوە هێڵە

سوورەکانی پێشێل نەکردنی ماف و ئازادی بەرامبەری پێشێل کردووە و چووەتە خانەی سووکایەتی و ڕێزنەگرتن لە هەستی ئایینی زۆربەی خەڵکی کوردستان نەك دوواندنیان.

لێرەدا قسەمان لەسەر مریوان و زمانی قسەکرنەکەیەتی بەو حوکمەی کە توندوتیژترین بابەتی وروژێنەری ئەم ڕۆژانەیە و نموونەیەکی ناو ئەو دیاردە نێگەتیڤ و نامۆیانەیە کە خۆی خزاندۆتە ناو نێوەندی روناکبیری کوردییەوە.

ئەوەی لەسەرەتای کاری نووسینی مەریوان هەڵەبجەییەوە دەرکەوت کۆمەڵی باس و بابەتی تایبەت بوو بە زانستی باراسایکۆلۆژییەوە کەلەوێشدا شارەزایی و خوێندنەوەیەکی باشی نەبوو، بەو بەڵگەیەی ئەو زانستە هاوچەرخە نوێیەی تێکەلڕ بە هەندی شتی پروپوچی کۆن وکلاسیکی و سیحربازی دەکرد و ئەوەی بەتایبەت لەو کۆرانەی هەڵەبجە و چەند شوێنێکی تردا ببینرا و بیسرا زۆر بە دەگمەن بەلای باراسایکۆلۆژیادا دەرۆیشت، لەیەکێك لەو کۆرانەیدا کە خۆم لەوی بووم کۆمەڵێك کەسی شارەزا لە سیحرو جادوو لێی هەستانەوە و رەخنەیان لەوە گرت کەدەبوو وەك ساحیر و جادوبازێك ئەم کۆرەی بگرتایە و باسی لە زانست و هیچ بوارێکی زانستی نەکردایە، چونکە ئەوەی ئەو وتی و کردی جگە لە کۆمەڵی کردەی سیحرئامێزانە پەیوەندی بە زانستی پاراسایکۆلۆژی و زانستی ترەوە نەبوو، هەر لەوێشدا بەو ڕێگایانەی کردەوەی جادووبازانەی پی هەڵدەوەشێتەوە هەندی لە کردە بەناو پاراسایکۆلۆژییەکانیشیان بۆ هەڵوەشاندەوە..

دواتر کە ئەو کاسپی و کارە خێری تیادا نەبوو کاك مەریوان لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا بوویە توێژەر و نووسەرێکی (ئەکادیمی) لە بواری ئیسلام و مێژووی ئیسلامیدا، بەڵام ئەکادیمیستێکی نەخوێندەوار بەو باس و بابەتانەی توێژینەوەیان لەسەر دەکات، هەروەك چۆن بەدەستی بەتاڵەوە سواری کۆڵی باراسایکۆلۆژیا بوو، بەڵام دواتر کە زانی سەری لە سیحرەوە دەردەچێت و لەم ڕۆژگارەی ئێمەشدا جادوو خێرێکی وای تیادا نییە وازی لی هێنا. لەمیشدا چونکە هەر بەدەستی بەتاڵ چووەتە ناو ئەو بوارەوە هەمان کێشەکەی بوارە پێشووەکەی تری بۆ دروست بووە و بەناوی باس و توێژینەوەی زانستییەوە بەچواردەوەری خۆیدا بەربووەتە شەرە قسە و بەکارهێنانی زمانێك کە ئێستا لە ناو هەرزەکار ومێرد منداڵان و تەنانەت جەنگە هاوچەرخەکانی راگەیاندنیشدا باوی نەماوە.

ئەوەی زۆر وروژێنەر و مایەی توورەییە لەم نووسینەی ئەم دواییەی مەریواندا زمانی نووسین و دەربرین و شێوازی موخاتەبەکانیەتی کە زمانی نووسین و توێژینەوەی زانستی نییە و زمانی شەری کلاسیکیانەی راگەیاندن و ساتەوەختی هێرش و پەلامارە سەربازییەکانە کە ئیتر هیچ یاسا وپێوەر و نەریتێکی ئەخلاقی بوونی نامێنێت و هەموو شتێك دەخرێتەکار بۆ لەکەدارکردنی بەرامبەر و پاشان شکاندنی، شێوازی موخاتەبە و دواندنەکانیشی لێوان لێوە لە قسە و جنێوی قیزەون، کە هیچ یاساو ڕێسایەکی ئاسمانی و زەمینی قبووڵی ناکات و دەیخاتە بەردەم لێپرسینەوەوە. بیروڕایەکی بابەتی و جدی نەخستووەتە ڕوو تا قسەی لەسەر بکرێت و وەڵام بدرێتەوە و لە بەرامبەریدا قسە لە ئازادی بکرێت. تاوانیشە قسە و جنێوی نەشیاوی وەك ئەوانەی مەریوان بدرێتە پاڵ ئازادی و رادەربرینی سەربەستانە، کامەیە ئەو بیروڕایەی دەری بریوە تا گفتوگۆی لەسەر بکرێت و ئازادی پی بدرێت، هەرچەندە پێی دراوە؟ مەگەر سوکایەتی و قسەوتن بە خەڵك و خوا و پێغەمبەران و پیرۆزی و غەیری پیرۆزی ئەو خەڵکە بابەتی گفتوگۆو قسەلەسەر کردنە؟،

دەبێت چۆن وەڵامی کەسێك بدرێتەوە کە مەنارەی مزگەوتی موسڵمانان بە عەورەتی پیاو بچوێنێت و دوو گومەزەکەی تەنیشتیشی بە دوو هێلکە گونەکەی، هەموو واتاو چواندنەکانیشی بۆ دەقەکان هەر بەم شێوە گاڵتەجارییە هاتووە، ئایا لەکوی ئەو ئازادییە بە خەڵکی دراوە ماڵی یەکتر بە شتی نەگونجاو و نەشیاو بچوێنن و سوکایەتی پی بکەن، دەکرێت من بەکەسێك بڵێم ماڵ و خانووی تۆ لە بارِ

یان عەورەتی پیاو دەچێت، یاخود هەر شتێکی تر کە سوکایەتی بۆ خۆی و ماڵەکەی تیادا بێت؟ ئیتر چجای شوێنێکی پیرۆز کە جێگای پەرستن و پیادەکردنی دروشمە ئایینیەکانی خەڵك بێت!.

ئەوەی مەریوان لەو کتێبەدا نووسیویەتی تێگەیشتن و بۆچوونێك نییە لەسەر دەقە ئایینیەکان و مێژووی ئیسلامی، بەڵکو راڤەکارییەکی ئارەزووکارانەیە بەو شێوەیەی مزگەوتەکانی پی بینیوە و واتادانە بەو دەقانە کە دوورو نزیك پەیوەندییان بەو واتا پێدراوانەی مەریوانەوە نەبێت، جگە لەوەی پرە لەقسەی دژ بەیەك کە هەندێکیان هەندێکی تریان هەڵدەوەشێنێتەوە. جگە لەوەی زۆربەی ئەوەی لەو کتێبەدا دەربارەی پێغەمبەران باس کراوە مەریوان بە کەمێك دەسکارییەوە لە نووسەری چەپی عەرەب (کامل النجار) ی وەرگرتووە و لە کتێبەکەیدا ئاماژەیەکی پی نەداوە، تەنها ئاماژەدان بە سەرچاوەکانی نەجار نەبێت کە مەریوان لە پەراوێزی نووسینەکانی ئەوەوە وەریگرتوون و وای پیشان داوە کە لەنووسینی ئەو باسەدا ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدا بووە، بەڵام هەندی لەوسەرچاوانە مەریوان دوور و نزیك نازانێت ناوەرۆکیان باس لەچی دەکات.

لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە کەبابەتەکەی نەگونجاوە لەگەلڕ سرووشتی ژیان و رەوتی مێژووی مرۆڤایەتی بەگشتی و ئایینەکان بەتایبەتی، ئەم توێژەرە ئەکادیمییە هاتووە وای پیشان داوە کە ئەم خەڵکە بە پێغەمبەان و دەسەڵاتداران و زانایان و گشت چین و توێژەکانیەوە بەدرێژایی مێژوو ئیشیان هیچ نەبووە جگە لە گەران بەدوای سێکس و ئارەزووی سێکسبازیدا و هەموو هەڵس و کەوتێکیان نغرۆی ناو ئەو ئارەزووبازییە بووە، باشە لەخۆی ناپرسێت ئایین و کۆمەڵگەیەك کە هەر کار و خەمیان سێکسبازی و ئەوە بێت کە خۆی باسی کردووە چۆن توانی شارستانیەتێکی تەمەن هەزار ساڵە دروست بکات؟

گومانی تیادا نییە ئەم نووسەرە نەخوێندەوارە بە سوننەتی ژیان وسرووشتی مێژوو بە ئارەزووی خۆی نموونەی زۆر ناتەبای لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆیدا لەناو دەق وڕوداوە مێژووییەکاندا هێناوەتەوە و لە ئەنجامی نەشارەزایی و تێنەگەیشتنی لەو دەقانەی وەری گرتوون بەزۆر کردوونی بە بەڵگە بۆ قسەکانی خۆی. هەر بۆ نموونە نەك وەك ئەوەی وەڵامی بابەتە نازانستییەکەی مەریوان بدەمەوە، هاتووە ئایەتێکی قورئانی هێناوە وکردوویەتی بە بەڵگەی ئەوەی کە قورئان باسی لە نێربازی کردووە لە ئایەتی: (زین للناس حب الشهوات من النسا و والبنین والقناگیر المقنگره من الڒهب وافچه والقناگیر المقنگره منالڒهب والفچه والخیل المسومه والڕنعام والحرپ... ) و مەریوان دەڵێت لەم ئایەتەشدا باس لە سێکسی نێر دەکات، ئەمەش هەر لەبەر ئەوەی باسی کوری لەگەڵ ژندا هێناوە و ژنیش بەلای مەریوانەوە تەنها بۆ سێکسە، کەواتە ئایەتەکە کوریشی هەر بۆ ئەو مەبەستە هێناوەتەوە کە سێکس کردنە لەگەڵیدا!، ئیتر گوی بەوە نادات کەلەگەڵ (کورەکە) و بەدوای ئەویشدا تورەکەی ئاڵتوون و کێڵگەی کشتوکاڵ و شتی تر هاتووە و قابیلی سێکس لەگەڵدا کردن نین. باشە ئەم جۆرە راڤەکارییە بی سەروبەرەیەی ئەم برادەرە شایانی ئەوەیە بە نووسین و بابەتی لێکۆڵینەوە لەقەڵەم بدرێت؟.

یەکێکی تر لە تراژیدیاکانی ناو باسەکەی مەریوان ئەو تۆمەتە قیزەونانەی ناوبراوە کە هاوپێچی ژیانی پێغەمبەرانی کردووە، بەڵام لێرەشدا بەڵگەکانی هەمووی کۆمیدی و سەیرو سەمەرەی وەك بەڵگە و لێکدانەوەکەی پێشوویەتی، بۆنموونە دەربارەی یوسفی لاوی جوانی پاك داوێن دەڵێت یوسف ئەو پاك داوێنە نەبووە کە بەشێوەیەکی کلاسیکی بیستوومانە، چونکە وەك لە چیرۆکەکەدا باس کراوە زەوقی چووەتە سەر ژنەکە و ئەگەر خوا نەبوایە لەگەڵ ژنەکەدا رایدەبوارد، ئەم بۆچوونەشی لەو ئامازە قورئانییەوە هێناوە کە دەفەرموێت: (همت بە وهمت بها ) ئەمەش دەکاتە بەڵگە لەسەر ناپاکی یوسفی پێغەمبەر، ئیتر خۆی بی ئاگا دەکات لەوەی ئازایەتی و پاکییەکە لەو حاڵەتانەدا لەوێدایە شتێکت بۆ دەست بدا و دڵیشت بۆی لی بدات بەڵام لەبەر خوا نەیکەیت، وەکو یوسف نەیکرد، باشە ئەی بۆ ئەوە ناکات بە بەڵگەی پاك داوێنی ئەو پێغەمبەرە کەدوای ئەوەش کە ژنەکە وازی لی ناهێنێت و دەڵێت

فەرمانم جێبەجی نەکەیت دەتخەمە زیندانەوە، بەڵام ئەو پێغەمبەرە گیرخوادووە بەدەست ئەو بەڵایەوە روو دەکاتە خوای خۆی و دەفەرمویت: (رب السجن احب إلى مما يدعونني إليه)، دوایش لەبەر ئەوەی کە ئەو داوێن پیسییەی لەگەڵ ئەو ژنە شۆخ و شەنگەدا نەکرد چەند ساڵێك رەوانەی زیندان کرا، ئەمە شێوازی ناساندنی کەسایەتی ئەو یوسفەیە کەزیندانی بۆ خۆی هەڵبژارد لەپێناوی پاراستنی ئەخلاقی جوان وپاکیدا. بەڵام مەریوان لەناو بەسەرهاتێکی دوور و درێژی پێغەمبەرێکدا کەتاکە بەسەرهاتە لەناو قورئاندا هەموو وردەکارییەکانی ناوی باس کراوە، دێت دوو وشە لەناو ئەم چیرۆکەدا دەردەهێنێت و هەموو رەوتی رووداوەکانی پی تێك دەدات، لەکاتێکدا دوو وشەکەش بەڵگەی پاك داوێنی یوسفە نەك ئەوەی مەریوان باسی دەکات، چونکە تەواوی چیرۆکەکە بە مەبەستی دەرخستنی رەوشتی نموونەیی یوسف نمایش کراوە،

ئەم دوو نموونەیە بەهێزترین تێگەیشتنی مەریوانە دەربارەی ئەو تەوەرانەی لە کتێبەکەیدا باسی کردوون، کە لە راستیدا دەرکەوت نەك هەر بەهێز نین، بەڵکو گاڵتەجارییەکی ئاشکرایە بە نووسینی زانستی و لێکۆڵینەوەی بابەتیانە و پاداشتەکەی بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری سلێمانیشی پی رەوا نییە کە لەسەر ئەو بەناو لێکۆڵینەوەیە پێی دراوە!.

وا دەزانم هەر لە بەر ئەوەشە رۆشنبیرانی دیاری عەلمانی کوردستان کە مەبەستم ئەوانەیە جێگا دەستیان بە گوتاری روناکبیری کوردییەوە دیارە تا ئێستا پشتگیرییان لە نووسینەکەی نەکردووەو مەریوانیش لەو رووەوە گلەییان لی دەکات، بەڵکو هەندێکیشیان رەخنەیان لە زمانی زبر و نەشارەزایی نووسەر دەربارەی بابەتەکە گرتووە، جگە لەوەی کەسایەتی ناوبراویش دەناسن و لە ئیسلامییەکان زیاتر بێزارن لە رەفتارەکانی کە سڵ ناکاتەوە لە هەموو فێڵ و تەڵکە بازییەك بەرامبەر بە هەرکەس و ناوەندێك لێی نزیك دەبێتەوە، لەوەرگرتن و خواردنی پارەی موکافەئەی نووسینی نووسەرانی وەك مەریوان جەلال رەحیمی نیشتەجێی ئێران و برادەرەکانیەوە تا دەگاتە فێڵەکانی ناو فیستیڤاڵە ئەدەبی و رۆشنبیرییەکان، کە دوا فێڵی ئەو چیرۆکە لاوازەی خۆی بوو دابووی بەلیژنەی ئەو فیستیڤاڵەی بابەتە بەناو لێکۆڵینەوەکەی پی دابوون، بەڵام چیرۆکەکەی بەناوی ئافرەتێکی سنەییەوە دابوو بەو فیستڤاڵە، چونکە لێزانانە دەیزانی ئەو چیرۆکە ئەگەر لاوازیش بی لەبەر ئەوەی نووسەرەکەی ئافرەتە و بۆ ریعایەت و هاندانی قەڵەمی ژنان هەندی جار خاترانە هەیە و خۆ ئەگەر بێت و ئەو چیرۆکنووسە ژنە خەڵکی سنەی کوردستانی ئێرانیش بێت ئەوە چاکتر رێزی لی دەگیری وهەر دەبێت خەڵاتی ئەو بەشداریکردنەی لەو دوورەوە پی بدرێت، چیرۆك خرایە بەرنامەی فیستییڤاڵەوە و رۆژی دیاریکراوی خۆی کاك مەریوانی لێزان هاتوو عەرزی برادەرانی لیژنەی کرد گوایە ئەم شەو ئەو خانمە لە سنەوە تەلەفوونی بۆ کردووە وداوای لێبووردنی کردووە کە ناتوانێت بێتە سلێمانی و هەندی عوزری بۆ ئافرەتە وەهمییەکە دروست کردووە و بەو برادەرانەی وتووە ئەو خانمە داوای لەمن کردووە بە نوێنەرایەتی ئەو چیرۆکەکە بخوێنمەوە، چیرۆکەکەی خوێندەوە و لەبەر ئەو ئیعتیبارانەی باس کران خەڵاتیشی بۆ دانرا و مەریوان حەپەلووشی کرد، چەند رۆژێ دوای فیستیڤاڵەکە لیژنەکە بۆیان دەرکەوت نە ئافرەت بەو ناوەوە هەیە و نەخەڵکی کوردستانی ئێرانە و مەریوان کڵاوی لەسەر ناون و لەبەر خاتری سنە و بەشداری ژنێکی کوردستانی ئەو دیو یەکێك لە خەڵاتەکانیان دۆڕاندووە، لەم لایشەوە خەڵاتێکی تریان پی داوە بۆ ئەو بابەتەی کە تەنها لێکۆڵینەوە نییە و شەرێکی ئیعلامی پر لە جنێوە بەرامبەر بە ئیسلام و پیرۆزییەکانی خەڵکی موسڵمان.

هەموو ئەو قسەو شەرە ئیعلامییەی مەریوان لەو نووسینەیدا گوزارشت کردنێکی راستەقینەیە لە کەسایەتی خۆی، باوەر ناکەم کەسێك ئەو جنێوە ئاشکرا و قیزەونانەی ناوبراوی لەو کتێبەدا خوێندبێتەوە رووی بێت قسەیەکی خێر بۆ خاوەنەکەی بکات و نووسینەکەی بە لێکۆڵینەوە دابنێت. کام یاسا ئەو پەلامارە نارەوایەی مەریوان قبووڵ دەکات کەلە کۆتایی کتێبەکەیدا پر بەدەمی دەکەوێتە

سوكایەتی و جنێو بەو كەسانەی شەرەف و ئابرووی خۆیان لە پاكداوێنی خێزان ودایك و خوشكیاندا دەبیننەوە و بەرامبەریان دەڵێت: (پیاوی بەشەرەف و موسڵمانی راستەقینە ئەوەیە تەلبەندی ئەم شەرەفە بكا و جڵەوەكەی توند بكا و نەهێڵی لە دەستی بەربێتەوە، گەر كارێكی وەها رووی داو یەكێك لە ژنەكانی یاخود خوشكی یان كچی یاخود دایكی بە بی پرس و رەزامەندی ئەم بە نهێنی سێكسی كرد دەیكوژی!! بێئاگا لەوەی ئەو هەر لەیەكەم رۆژ و هەر لە سەرەتاوە شەرەف و عیززەت و ئینسانیەتی لە دەست چوو كە باوەری بەم یاساو رێسا رزیوە هێناوە) باشە دەپرسم دروستە كەسێكی تر بێت و بڵێت ئەوەی باوەری بەو قسانەی مەریوان هەیە یان بەرگری لی دەكات شەرەف و كەرامەت و غیرەتی لەدەست داوە؟ ئیتر نازانم مەریوان مانا و مەدلوولی ئەو وشە هەستیارانە دەزانێت لە فەرهەنگی كوردەواریدا؟ یان بەری بۆشل كراوە و ئازادە لە هەر هێرش و پەلامارێك دەیكاتە سەر خەڵكی. ئاخۆ ئەم سوكایەتی و شەرە جنێوە و ئەم زمانە زۆر زبر رقاویە دەچنە خانەی ئازادی رادەربرینەوە و لە هیچ وڵاتێكی ئیسلامی یا عەلمانیدا قابیلی قبووڵ و لێنەپرسینەوەیە؟.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژەیەكی خێرا بدەم بە هەڵوێستی حزبە ئیسلامییەكانی كوردستان و كاردانەوەیان بەرامبەر نەك تەنها سوكایەتیەكانی مەریوان، بەڵكو ئەو دیاردە كینە ئامێزەی مەریوان یەكێكە لە كاراكتەرەكانی، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە بی دەنگی ئەو حزبانەیە بەرامبەر بە دەسەڵات وئەو ناوەندە رەسمییانەی ئەوان ئیستا بەشێكی ئاوێتەن تیایدا، لە كۆبوونەوەیەكی رەسمیدا قسەیەكمان نەبیست و لە هەنگاوێكی كردەیی سیاسیشدا هەڵوێستێكمان نەدی كە بیسەلمێنێت ئەوان رازی نابن بەم سوكایەتی و شەرە قسە نازانستیانەی بەرامبە بە ئیسلام و پیرۆزییەكانی خەڵكی موسڵمان دەكرێت.

مەگەر ئەوان مسوڵمانانیان وەها چەواشە نەكردووە كە بەشداریكردنیان لە پەرلەمان وحكومەت و هاوپەیمانیەتییە سیاسییەكان بۆ بەرژەوەندی ئیسلام و وەك خۆیان دەڵێن پیادەكردنی پرۆسەی ئەمر بە چاكەو بەرگیری لە خراپەیە، دەبێت چی لەوە خراپتر بێت كە سوكایەتی بە هەرچی پیرۆزی ئیسلام هەیە بكرێت و ئەوانەشی ئەوە دەكەن لە گوڵێك كاڵتریان پی نەوترێت؟.

ئەوەی زۆرتر جێگای سەرنجە ئەوەیە حزبە ئیسلامییەكانی كوردستان بۆ پروپاگەندەی سیاسی و پیشاندانی سیناریۆیەكی رووكەشانەی بی كەڵك، دێن خۆیان دەكەن بە خاوەنی ئەو رێپێوان و دەنگە نارەزایەی شەقامی كوردی بەرامبەر بەو سوكایەتیانە و لەو شوێنانەدا دەكەونە وتار خوێندنەوەو نارەزایی دەربرین، ئەمەش مزایەدەیەكی سیاسی ترە بەسەر عاتیفەی ئایینی خەڵكی كوردستانەوە دەكرێت، هەروەكو چۆن مزایەدەی سیاسی بەسەر خودی ئیسلامیشەوە دەكەن بۆ بەرژەوەندی حزبی و تایبەتی خۆیان، خۆیان لەوە بی ئاگا دەكەن كە شوێنی نارەزایی و هەڵوێست نوواندنی ئەوان ناو ئەو پەرلەمان و حكومەت و هاوپەیمانیەتیانەیە بەناوی ئیسلام و بەرژەوەندی موسڵمانانەوە خۆیان تی خزاندووە، بی دەنگی و بی هەڵوێستیشیان لەو ناوەندە رەسمییانەدا دەری دەخات دروشم و ناو ناتۆرە ئیسلامییەكانی ئێستایان تەنها بەكارهێنانی دینە بۆ مەرامی سیاسی.

ئەوان لە هەموو لایەك باشتر نەریتی سیاسی ئەم وڵاتەو ناوچەكە دەناسن و دەزانن كە دەسەڵات ئەوەندەی گوی بۆ خواستی حزبێك دەگرێت با ئەو حزبە بچوكیش بێت و لە بارودۆخێكی وادا حساب بۆ هەڵوێست و كاردانەوەی دەكات، باكی لەوە نییە خەڵكی هەموو شارەكان بێنە سەر شەقام و رێپێوان ساز بدەن و داواكاری پێشكەش بكەن. حزبە ئیسلامییەكان بۆ چەواشەكردنی جەماوەر لەو شوێن و كاتانەدا خۆیان توورەو نیگەران دەكەن و داوا لە دەسەڵاتی كوردی دەكەن سنوورێك بۆ هێرش و پەلاماری قەڵەمە نامەسئولەكان دابنێن، بەڵام لەو جێگایانەی پێویستەدەنگ هەڵبرن و نارەزایی دەربرن و هەڵوێستەكەیان سوود و دەرەنجامی دەبێت، بی دەنگ و بی هەڵوێستن و باوەشیان كردووە بە بەرژەوەندییە حزبی و سیاسییەكانی خۆیاندا.

سەرەتا خەڵکی سینەسافی موسڵمان وا چەواشە دەکەن کە چوونە ناو پەرلەمان و حکومەت و هاوپەیمانیەتییە سیاسییەکان بۆ پیادەکردنی پرۆسەی ئەمر بەچاکەو نەهی لەخراپەیە لەو شوێنە هەستیارانەدا، بەڵام کە پێی گەیشتن لە پێناوی بەرژەوەندی سیاسی خۆیاندا چاك و خراپ بە شێوەیەك تێکەڵ دەکەن خەڵکی بۆیان جیانەکرێتەوە، چونکە هەر لەسەرەتاوە گەمەکە سیاسەت بووە و بەناوی دینەوە نمایش کراوە.

لەوانەیە بتوانم بڵێم ئەو یارییەی مەریوان هەڵەبجەیی بە دەقە ئاینییە پیرۆزەکان و مێژووی ئیسلام کردوویەتی، حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان هەمان یاری لە گۆرەپانی سیاسەتدا ئەنجام دەدەن، مەریوان بۆ مەرامی دەروونی و حەزی ئارەزووبازانە و سێکسبازی، ئەوانیش بۆ مەرامی سیاسی و بەرژەوەندی حزبی. وای بۆدەچم ئەو ئایەتە پیرۆزەی مەریوان لەسەر نێربازی هێناویەتی چەندە بەڵگەیە لەسەر نێبازی، هەر ئەوەندە حیلفی چاکەخوازان و بۆنخۆشەکان (حلف الفچول والگیبین) پەیوەندی بە هاوپەیمانیەتی سیاسی سەردەمەوە هەیە، یەك گەمەیە بە دوو ئاراستەی جیاواز، ئەوەندە هەیە ئەوەی دووەمیان خۆی بە خاوەنی دین دەزانێت و تەنها رێگا بە خۆی دەدات ئەو یارییە بە دەقە ئاینییەکان بکات.

Kameelmahmod@yahoo. com